


● ئامادەکردنی : عبدالقادر عزیز سعید ●
● قەڵادزێ ●

# ساوەر کوتانە لە کوردەواریدا

بەهۆی پێشکەوتنی ژیانو شارستانیەت ، چەندین کارو پیشەی میللی کوردەواری ، تۆزو خۆڵی بیرچونەوەی بەسەردا باریوە . لە دوو توێی مۆزەخانەو تۆمارگەی دەرونی دنیا دیتەو بەسالاچواندا نەبێ ، ڕەشەبای ژیانو ڕۆژگار ، خەریکە تۆوی بیری ئەو پیشانە بەرەو دەریای بیرچونەوە ڕادەماڵێ . ئەوەی مایەی دڵنیاییشە بەینێکە نووسەرانو ڕۆشنبیرانمان بە دەرماڵی دەرونی بەسالاچواندا وەربوونو شتڵی ئەو دەرمالانە ، دەسکەنە دەکەنو لە دێراوی بەپیتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا دەیچەقێنن . والێرەدا دەسکە شتڵێکی دەرماڵی پیشەیەکی ، میللی کوردەواری بەرەو دێراوی بوژانەوە دەگوازینەوە . بە هیوای زیاتر ڕەگ داکوتانو وەبەرهەم هاتنی ئەو شتڵانە لە وەردی بە پیتی گۆڤاری کاروانی ئازیزدا .

## * «ساوەر کوتان» *

هەر لەگەڵ بۆنو بەرامی پاییزێ ، بەبن لوتی لوتکەی ، گوندەکانی کوردەواریمان دا هەڵاهات . . خەڵکی ئاوایی دەکەونە خۆیانو لێك لێك ئامێزی هەرەوەزی ، بۆ کارە پیرۆزەکانیان والادەکەن . هەر شەوە ماڵێك ، لەبەر بێلاییو حەسارێ ، چاڵێکی گەورە هەڵ دەکەنن . بە قوڕەسورێشی سواخ دەکەن دوای ووشك بوونەوەی لە هەر چوار لایەوە بەڕەکۆنو ئەلبادو جەوالان ، ڕاستو چەپ ڕادەخەن . تاچاڵ دەبا پڕی دەکەن لە گەنم . کوتك بە دەستەکانیش لە هەر چوار لاوە دای دەگرێنێ . دوو پارچە گوڵێلکەی بۆن خۆشیش ، بۆ زیاتر هاندانی کوتك بە دەستەکان لەو بەرو بەری چاڵێ دا دەنیشن . لەگەڵ یەكو دووو هەرسێکی دەستپێ دەکەن . لە گەڵ هەوەڵ کوتك ، کە دەوەخرێتە ساواری بەیتو بەندیش ، دەست پێ دەکەنو هەموو بە یەك دەنگ بەیتەکان ، دەقوزنەوە . ئیدی بەو شێوەیە ، بەیتی ساوەرکوتان هەر شەوە میوانی ماڵێکە ، هەتاتاقە ماڵێك لەو ئاواییەدا ساواری بمێنی .



## «بەیتی ساوەر کوتانیٚ»

چاوی هەر وەك چاوی بۆقیٚ
لە دوای دەکەم گورگە لۆقیٚ
ماچی دەکەم دڵی تۆقیٚ

° ° °

دانیشتووە لە بن تووی
ئارویێ دەخوا بە چەقوویٚ
سوبحانەڵلاٚ تام چوویٚ

° ° °

دانیشتووە لە سەر بانی
وەك هەنگوینی لەسەر نانی
کڵو کلتور لە سەر ڕانی
سەد ماشەڵلاٚ چەندە جوانی

° ° °

چوومە ماڵیان لە ماڵ نەبوو
چوومە کانیە ، چۆغەی دەدروو
پێم گوت بۆ ماچ بە ئارەزوو
پێم گوت بۆ ماچ دایکی دیاربوو

° ° °

ڕێگای ماڵیان بە پێچ پێچە
گۆزەی دەستی قسڵو گێچە
خەوی نایە بێنووی کێچە

° ° °

هەروا دەڕوا بنەو بنە
سۆلی زەردی دەرزی چنە
نیشانەکەی ویم لە کنە
بۆیە دڵم واساکنە

° ° °

هەروا دەڕوا بە ناو دێدا
سۆلی سابلاٚغی لە پێدا
دایکت کوێرێ تۆی بەکیٚدا ؟ !

° ° °

هەروا دەڕوا شیلان شیلان
چاروکەی سپی کەوتە ملان
بۆ خۆی بەکەو دۆستی چلان

# مەشکە ژەندن



مەشکەم مەشکەی گیسکۆڵێ
هەوار لە هەرزن[١] دۆڵێ
کاکم هەڵگرێ زەردۆڵێ
هەرزان دەچم لە تۆڵێ
هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
جا کوڕە دەستم لێ مەدە
بازنە لە دەستم دەشکێ

° ° ° ° °

مەشکەم مەشکەی چوێشتیرێ
هەوار لە دۆڵە سیرێ[٢]
بابانت بە قوڕێ گیرێ
شیر کەمەو ڕۆن ناگیرێ
هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
جا کوڕە دەستم لێ مەدە
لۆلەپی مەشکێم دەشکێ

° ° ° ° ° °

مەشکەم مەشکەی چیچانێ[٣]
لۆلەپ لە چڵە ڕیحانێ
هەوار گۆڕ موسایەو[٤]
باربەستبووم بۆ کوێستانێ
هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ

° ° ° ° ° °

مەشکەی نازێنم چڵکە
تەشیە نارێسم کوڵکە
ئەوساڵ شەرتێکم کردبوو
بۆ لاوەی دەچم مەڵکە

° ° ° ° ° °

ئاوی زەردە کیفاری[٥]
چۆڕ چۆڕەو دێتە خواری
لەبۆ مەشکەی نازداری
هەی ماڵە بابم مەشکێ

° ° ° ° ° °

مەشکەم نازێ چیانە ؟
سەد . . . . . . میوانە
حەیران شازی هەموانە
هەی ماڵە بابم مەشکێ

° ° ° ° ° ° °

بەو قورعانەی قادرێ
دەستم مەشکەی ناگرێ
حەیران چووە بۆ لەشکرێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ

° ° ° ° ° ° °

بێ مەشکەم بە خێزە
کەوای بەرم بە زریزە
سەگبابە بۆ لێم زیزە ! ؟
هەی ماڵە بابم مەشکێ
هەتیوە دەست مەبزێوە
بازنە لە دەستم دەشکێ

° ° ° ° ° ° °

کا دەروێشی گەرمێنێ
بە بار ئاوریشمان دێنێ
بۆ گوریسی زارەم بێنێ[٦]
بەڵکو حەیران بیژێنێ

هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
دەکورە دەستم لێ مەدە
لۆلەپی مەشکێم دەشکێ

° ° ° ° ° ° °

مەشکەم مەشکەی مەڕانە
کەفوو ڕۆن لە هەنگلانە
کابان چەند قیتوو جوانە ! ؟
هەی ماڵە بابم مەشکێ

° ° ° ° ° ° °

مەشکەم دەژێ بە سێیان
دۆی منو ڕۆنی فەقێیان
دەکورە دەستم لێ مەدە
دەمشکێ شەقلی بەهێیان
هەی ماڵە بابم مەشکێ

• **سەرچاوەی بەیتی مەشکەژەندن کاسێتێکی مەلا عەولای کاولانێیە .**

١ – ناوچەیەکە لە کوێستانێ .
٢ – ناوچەیەکە لەکوێستانێ .
٣ – واتە (مشك) .
٤ – ناوچەیەکە لە کوێستانێ .
٥ – گیایەکی دڕکاوی‌یە وەك ئالیك دەدرێت بە ماڵاتی .
٦ – واتە زالکی (دەمی) هەمبانەی .

• سەرچاوەی بیری ساوەرکوتانو بەیتەکەی (مام مصطفی وەستا تۆمەر)ە . تەمەنی ٧٣ ساڵەو ئێستا لە گوندی سوڵتانەدێ‌ی تازەی ناوچەی پشدەر دادەنیشێ .